

مرحبا

স্বাগতম

歡迎

# سەفۆڵکێکی دادوەرتر

## هاندان‌وپتەوکردنی ڕەگەز یەکسانی

# *A fairer Suffolk*

Promoting race equality

خوش آمدید

Bienvenue

स्वागत

Welcome

به خير بين

欢迎

بنه راغلی

Bem-vindo

ਜੀ ਆਇਆਂ ਨੂੰ

Добро пожаловать

Dobrodošli

Mirë se vini

Bienvenido

Karibu

நல்வரவு

Hoşgeldiniz

Ласкаво просим

خوش آمدید

## پرۆژەی ڕەگەز یەکسانی چییە؟

بە گوێرەی(ڕاستکردنەوەکان) یاسای ساڵی ٢٠٠٠ یاسای پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکان، ئێمە هانی پتەوکردنی یەکسانی لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکان دەدەین. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کەوا وەکو خاوەن ئیش و خزمەتگوزار بەخش، ئێمە:

- هانی بە یەکسانی بوون ئەدەین بۆ هەلەکان
- هانداني‌وپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکانی گروپی ڕەگەز جیاواز، وە
- کاردەکەین بۆ قەدەغەکردنی کاری ڕەگەزپەرستی لە سەفۆڵك دا.

پرۆژەکانی ڕەگەز یەکسانییەکانمان باسی بەڵێنەکانمان و ئەو کارانەی کە پێی هەڵدەستین دەکەن. ئێمە هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی، سەرکردنەسەر یان ترساندن قبوڵ ناکەین، وە ئێمە هەموو هەلێك بەکاردەهێنین بۆ هانداني‌وپتەوکردنی یەکسانی لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا.

## بەرپرسیاری ئێمە چییە بەرامبەر تۆ وەك بەکارهێنەری خزمەتگوزارییەکانمان؟

ئەگەر تۆ خزمەتگوزارییەکانمان بەکاربهێنیت، ئەوا تۆ مافی ئەوەت هەیە کە:

- بزانیت ئێمە چ جۆرە خزمەتگوزارییەك دەبەخشین
- بەشداری بکەیت لەو هەڵسەنگاندنانەی کە جەخت ئەدەن بەوەی کە خزمەتگوزارییەکانمان دادوەرن و ئاسانن بۆ بەکارهێنان
- ئەنجامەکانی ئەم هەڵسەنگاندنانە بزانیت، وە
- تێبینی بدەیت لەسەر یەکێ لە خزمەتگوزارییەکانمان، سکاڵا یان مەدحێ بکەیت دەربارەی.

**Welcome**



欢迎 **Bem-vindo** **Bienvenue** **Bienvenido** **Benvenuti**

## بەرپرسیاری ئێمە چیە بەرامبەر تۆ وەك ئیشكەرێك؟

وەك خاوەن ئیش، ئێمە بەڵێنمان داوە كە ئاگادارت كەین لە لێ پرسراوییەكانت بە گوێرەی یاسای (ڕاستكردنەوەكان) یاسای ساڵی ٢٠٠٠ یاسای پەیوەندییەكانی نێوان ڕەگەزەكان ئێمە بە دادوەری و یەكسانی كاردەكەین كاتێ ئیش ئەدەین، مەشق ئەكەین، مووچە ئەدەین وە گەشەت پێئەدەین وەك ئیشكەرێك، وە ئێمەش هەر كێشەیەك هەبێت دەربارەی ئیش باسی دەكەین لەگەڵتدا.

## ئیشكەران و بەكارهێنەرانی خزمەتگوزارییەكان چ ئەركێكیان هەیە؟

ئێمە وا پێش بینوچاوەڕوانین لە هەموو ئیشكەرانمان كە ڕێز لە برادەرانی ئیشیانو بەكارهێنەرانی خزمەتگوزارییەكان بگرن، ڕووبەڕووی ڕەوشتی جیاوازی كردن بنەوە وە، كاتێك توانرا، هانی ڕەگەز یەكسانی بدەن.  ئێمەش هەروەها پێش بینوچاوەڕوانین لە بەكارهێنەرانی خزمەتگوزارییەكان بە ڕێزەوە مامەڵە بكەن لەگەڵ ئیشكەرانمان دا.

Добро пожаловать 欢迎

நல்வரவு بنته راغلی

Hoşgeldiniz خوش آمدید Mirë se vini

Ласкаво просим স্বাগতম



ਜੀ ਆਇਆਂ ਨੂੰ مرحبا Dobrodošli ਜੀ ਆਇਆਂ ਨੂੰ

خوش آمدید

Karibu Mirë se vini Bienvenido 歡迎

Dobrodošli

به خير بين Добро пожаловать Welcome

歡迎 Mirë se vini

நல்வரவு بنته راغلی Ласкаво просим

Hoşgeldiniz

## چۆن ئەتوانیت زانیاری زیاتر ببینیتەوە؟

زۆربەی دەسەڵاتدارێتیـیە (دامودەزگا) گشتیـیەکان ئەبێت بەرنامەی ڕەگەز یەکسانی پێشکەش بکەنوبلاوی بکەنەوە. بۆ بینینەوەی ئەوەی لەکوێ ئەتوانیت کۆپـیـیەکت دەست بکەوێت لەو بەرنامە تایبەتە، بێزەحمەت پەیوەندی بکە بە ئەنجوومەنی ئیپسویچ و سەفۆڵك بۆ ڕەگەز یەکسانی بە کاغەز نووسین بۆ ئەم ناونیشانە:

46A St Matthews Street
Ipswich
Suffolk
IP1 3EP
Phone: 01473 408111

خزمەتگوزارە گشتیـیەکان کە نوێنەرایەتی هەیە لە گروپی بەیەکەوە کارکردنی هەمە جۆرەکان لە سەفۆڵك هەستاوە بە دەرکردنی ئەم نامیلکەیە. ئەمەش هەروەها بە زمانەکانی عەرەبی و بەنگلادیشی و سینی وپرتوگالی هەیە، وە ئێمەش ئەتوانین تەرجومەی کەین بۆ زمانەکانی تر یان دەریکەین بە فۆرماتی تر، وەکو بە شریتی دەنگ، ئەگەر تۆ داوامان لێ بکەیت.

Designed and printed by **Suffolk Design & Print**, St Paul House, County Hall, Ipswich, Suffolk IP4 1LX. Phone: 01473 584212